پرسی کورد بووە هۆی مشتومڕکی توند لە پەرلەمانی تورکیا لە نێوان سەرکی دوو پارت

پرسی کورد بووە هۆی مشتومڕکی توند لە پەرلەمانی تورکیا لە نێوان سەرکی پارتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی تورکی (MHP) و هاوسەرکی پارتی یەکسانی و دیموکراتی گەلانی کوردی (HEDEP).

لە کۆبوونەوەی هەفتانەی فراکسیۆنی (MHP) لە پەرلەمانی تورکیا، سەرکی (MHP) دەوڵەت بەهچێلی وەڵامی ڕەخنەکانی هەندێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی دایوە سبارەت بە هەنگاوانێ و سیاسەتانەی لە ماوەی 100 ساڵی کۆماری تورکیادا گرتوویانەبەر.

سبارەت بە زمانی کوردی، دەوڵەت بەهچێلی هەرشی کردە سەر ئەندامانی پارتی یەکسانی و دیموکراتی گەلانی کوردی و گوتی: "هەموو ناسیۆنالیستێ تورکەکان بە تورکی قسە دەکەن، بەڵام چەند لەوانەی شونی پەکەکە دەکەون بە کوردی قسە دەکەن؟، ئەگەر ئەمە دەست بکەین بە گوتنی ڕاستییەکان، ئەوان ناتوانن نەک تەنها لە پەرلەمانی تورکیا بگەڕێن، بەڵکو لە شەقامەکانی ئەنقەرێ و دیاربەکر (ئامەد) بگەڕێن".

لەلای خۆیەوە، هاوسەرکی پارتی یەکسانی و دیموکراتی گەلان (HEDEP) تەنگەر بەیکەرهان لە میانی کۆبوونەوەکەی پەرلەمانی تورکیا وەڵامی دەوڵەت بەهچێلی دایەوە و بە زمانی کوردی گوتی: "خودا زمانی کوردی پێداوین و هەرکەسێک زمانی کوردی قبوە نەکات خودا قبوەی ناکات، هیوادارین ئەو کەسی ێقی لە زمانی کوردیێ خودا تووشی دەرد و بەڵای بکات".

وتیشی: "ئەم کوردین و لە کوردستانەوە هاتووین, زمانی ئەم کوردییە، نیشتیمانمان کوردستانە، کلتوور و هونەری ئەم زۆر بەرچاوە، ئەو کارانە ناکەین کە ئەوە دەیکەن و هەرش ناکەینە سەرتان، پەویستە ئەم قبوە بکەن، ئەوە دڕن کە زمان و کلتووری کوردی قەدەغە دکەن و ئەم هەموومان دکەن بە تورک، ئەم هیچ شتێک بە خکی تورکیا ناین، بەڵام ئەوە بتەواوی فاشیستن و ئەم دژی ئەم فاشیزمە دەوەستین".